**World Theatre Day**
**27th March 2009**
**International Message**

پەیامی جیهانی رۆژی شانۆ

٢٧. مارس. ٢٠٠٩

## Augusto Boal

ئۆگوستۆ بۆلْ

هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان سەرسامکەرن لە ژیانی رۆژانەیاندا و بۆ هەندێك بۆنەی تایبەت نمایش بەرهەمدەهێنن. سەرسامکەرن لە روی ریکخستنی کۆمەلایەتی‌یەوە و نمایش بەرهەمدەهێنن وەك ئەمەی ئێوە هاتوون بۆ ئەوەی بیبینن.

تەنانەت ئەگەر پێشینەزانیت، پەیوەندییە مرۆییەکان بە پێی بونیادێکی شانۆییە، بەکارهێنانی بۆشایی، زمانی جەستە، هەڵبژاردنی ووشەکان و تۆنی دەنگ، روبەڕوبونەوەی بیر و سۆزەکان، هەر شتێك لەسەر تەختەی شانۆ پیشانی دەدەین، لە ژیاندا دەیژینەوە (دەیکەینەوە): ئێمە لە شانۆ دروستکراوین.

زەماوەند، جەنازە نمایشن بەلام سروتی رۆژانەشن ئەوەندە ئاشنان کە ئاگامان لێ نییە نمایشن. مەراسیم و بۆنەکان، بەلام قاوەی بەیانیانیش، گۆڕینەوەی بەیانیباش، خۆشەویستی شەرمنانە و گێژەلوکەی گەورەی ئارەزووەکان، دانیشتنی فەرمی کۆبونەوەی دیپلۆماسی، هەمووی شانۆیە.

یەکێك لە فەرمانە سەرەکییەکانی هونەرەکەمان ئەوەیە وا لەخەڵك بکەین هەستیارتربن بۆ نمایشەکانی ژیانی رۆژانە کە تیایدا ئەکتەرەکانیش تەماشاوانن، کە تیایدا تەختەی شانۆ و تەختی زەوی پێکگەیشتون. ئێمە هەمووومان هونەرمەندین: کە کاری شانۆ دەکەین، فێردەبین ئەوە ببینین کە رونوئاشکرایە بەلام ناتوانین بیبینین چونکە رانەهاتوین تێیبڕوانین. ئەوی پێمان ئاشنایە دەبێتە نەبینراو: کاری شانۆ روناککردنەوەی تەختەی شانۆی ژیانی رۆژانەیە.

سێپتەمبەری رابردو، بە نمایشکردنێکی شانۆیی سەرمان سوڕما: ئێمە، ئەوانەی واماندەزانی لە جیهانێکی سەلامەتدا دەژییاین، بێگومان بەچاوپۆشی لەو جەنگ، جینۆساید، کوشتار و ئەشکەنجەیەیەی کە لە ئارادایە، تەنانەت گەر لە شوێنی دوور و کێوی رووبدەن، ئێمە، ئەوانەی لە ئاسایشدا دەژین و پارەکانمان لە هەندێك بانکی رێزدار و لە دەستی پاکی هەندێك بازرگانی بازاردا وەبەرهێناوە، پێمان وترا ئەو پارەیە لە ئارادا نەبوە، گریمانکراوبوە. هەڵبەستنێکی خەمناك لە لایەن هەندێك ئابوریناسەوە کە هەرگیز گریمانکراو نەبون، نە جێی متمانە و نەرێزداریش. هەموو مەسەلەکە تەنیا شانۆیەکی خراپ بو، چنینێکی رەش کە تیایدا هەندێك کەس پارەیەکی زۆریان بردەوە و زۆرکەسیش هەموویان لەدەست دا. هەندێك سیاسەتمەداری ولاتە دەوڵەمەندەکان کۆبونەوەی نهێنییان سازدا و هەندێك چارەسەری ئەفسوناوییان دۆزییەوە. ئێمەی بینەرانیش بوینە قوربانی بڕیارەکانی ئەوان، ئێمە لە دواڕیزی هۆڵەکەدا ماینەوە.

بیست ساڵ لەمەوبەر، فێدرا ی راسین م لە ریۆدی جانیرۆ خستەسەرتەختەی شانۆ. دیمەنی تەختەی شانۆ هەژاربو: پێستی مانگا لە سەر زەوی، قامیش بە چواردەوردا. پێش هەر پێشکەشکردنێك، بە ئەکتەرەکانم دەووت: "ئەو ئەندێشەیەی رۆژبەرۆژ دروستمانکرد بەسەرچوو. کاتێك لەو قامیشانە تێدەپەڕیت، کەس لە ئێوە مافی ئەوەی نابێت درۆ بکات. شانۆ حەقیقەتێکی شاراوەیە"

کاتێك سەیری دەرکەوتنەکان دەکەینەوە، زۆرداران و خەڵکی زۆرلێکراو دەبینین، لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، گروپە ئیتنییەکان، چین و توێژە کۆمەلایەتیەکان.، جیهانێکی نادادپەروە و دڵڕەق دەبینین. پێویستە جیهانێکی تر دروستبکەین چونکە دەزانین مومکینە. بەلام ئەوە لەسەرئێمەیە ئەم جیهانە بە دەستی خۆمان دروست بکەین و بە نواندن لەسەرتەختەی شانۆ و لە ژیانی خۆماندا.

ئامادەی ئەو نمایشە بە کە خەریکە دەست پێدەکات و کە دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ هاوڕێکانت دا شانۆییەکانی خۆت یاری بکە و سەیری ئەو شتە بکە کە هەرگیز نەتتوانیوە بیبینیت: ئەوەی رون و ئاشکرایە.

شانۆ تەنیا بۆنەیەکی هونەری نییە: شانۆ شێوەژیانە !

ئێمە هەمووومان ئەکتەرین: هاولاتی بوون ئەوە نییە لە کۆمەڵگەدا بژین، ئەوەیە کە بیگۆڕین"